کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-12-2006 15:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆمەڵی کوردەواری و پرۆسەی ریفۆرم و نوێخوازی!! ... مەلا فەرمان

گەر لەم سەردەمەدا بڕوانینە کۆمەڵی کوردەواری و بمانەوێ جیاوازیەک بکەین لە گەڵ 12 دوانزە ساڵ لەمەو بەر. جیاوازیەکان هێند زۆر و زەق و بەرچاون تەنانەت مرۆڤی سادەش دەتوانێت بە ئاسانی دەستنیشانیان بکات و سنوری دیار و ئاشکرا لە نێوانیاندا بکێشێت. هەر یەکێکیش بە پێی تێڕوانین و لێزانینیی خۆی ئامازەیان بۆ بکات. بۆ نموونە:
پیاوێکی بە تەمەن رەنگە یەکسەر ئاخێ هەڵبکێشێ و بڵێت " موخابن بۆ ئەو دەستە پاک و دراوسێیەتییەی جاران، روحمان بەسەر یەکەوە دەر دەچوو "

یان مەلایەک بڵێت " جاران ئیسلامیەت جۆرێکی تر بوو، هەموو وەک برا وا بووین، هەموو پێکەوە دەچوینە مزگەوت، دوور لەم سەربڕین و تۆقاندن و خۆ تەقاندنەوەیەی ئێستا".
یان
خوێندکارێک بڵێت " لەگەڵ ئەوەی کە جاران نەمدەوێرا.... بەڵام خوێندنەکەم باش بوو، مامۆستای باشم هەبوو، لە کاتی خۆی پەرتوکم وەردەگرت، پۆلەکەم هێند قەڵەباڵغ نە بوو".
یا
جوتیارێک بڵێت " جاران بەترس و لەرزیش بوو لە گوندەکەی خۆم کاری خۆم دەکرد، زەویەکەم دەکێڵا، بەڵام ئێستا لە نێوان ئەم چوار دیوارە چیبکەم، بە مووچەی پیرێژنانە چۆن بژیم، چ تام و چێژێ لە کیلۆ ماست و نیسک و نۆکی ئەم وڵات و ئەو وڵات دەکەم، خوایە روحمێ بکەی ".
یا
ئەندامێکی حیزبێک یان پێشمەرگەیەک بڵێت " چەند بە دڵسۆزی و بەترسەوە نامێلکەیەکم دەبرد بۆ هاورێکەم. چۆن تفەنگ و تاقم و کۆڵە کتێبەکانم دەدا بە شان و کۆڵا، چۆن رەخنەی برادەرەکانم قبوڵ دەکرد. لە لێپرسراوەکەم دەپارامەوە لە دەستەی هێرش دام بنێ. پارەو نانێک و دینارێک گەر ببوایا بۆ هەموان بوو، ماڵە جوتیارەکان چۆن دەرگایان لێ دەکردینەوە، دەیانشاردینەوە، نانیان دەدایێ... هتد.
یان هەندێ جار، زۆر کەم رێکدەکەوت پێمان بڵێن 'وەڵلا کاکە پیاومان لە ماڵ نیە'، یان لە گوندێکدا جار جار رێک دەکەوت کوێخایەک یان پیاوێکی سنگ لە پێش بڵێت ' ماستاو بۆ کاک فلان و ئاویش بۆ جەماعەت' "
یان
گەنجێکی هۆشیاری سەردەم چاو دەکاتەوەو دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی، حەزدەکات دەووروبەر ببینێت باوەشی بۆ بکاتەوە، پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات، نەک لێی هەڵگەڕێتەوە و دژایەتی بکات. بەڵام کە وا نەبوو دەکەوێتە ململانی و زۆرانبازی لە گەڵی دا، بە هیوای گۆڕینی ئەو واقیعەی کەدەیانەوێ بە زۆر بەسەریدا بسەپێنن. بە هیوای لە دەستنەدانی ئەو دەرفەتەی هاتۆتە پێشێ، گەڕانەوەی ئەو بەشانەی بە زۆر لە لاشەی وڵاتیان دابڕیوە، بە هیوای هێنانەدی ژیانێک بۆ هەموان.
یا
سەرکردەیەک گەر تێڕوانێ و بیرکاتەوە، پێم وایە بڵێت" خۆدابڕان، گوێنەدان و نە بینینی ئێمە. بوونەتە هۆی هەموو ئەم ئاخانە. هەموو ئەم گلەیی و گازندانە. رێگر لە هێنانەدی ئەم ئاواتانە.... هتد"

هەموو ئەمانە بیرکردنەوەی تاکی کۆمەڵن و دەرهاویشتەکەشی رەفتاری ئەو تاکەن، رەفتاریش وەک دیاردەیەکی مادی لە خودی خۆیی و لە ئاسمانەوە نە هاتووە و زادەی زگماکیش نیە. چوونکە مرۆڤ لە دایک دەبێت خۆشەویست و بەستەزمانە، دوورە لە رەوشتی شەڕانگێزییەوە. رەفتار دەرهاویشتەی پرۆسەی پەروەردەی درێژ خایەنە، بەردی بناغەکەی لە ماڵەوە دەست پێ دەکات، کۆمەڵیش دەستی تی دەخات، زۆر جاریش پارتە سیاسیاکان و دامودەزگاکان یاری پێ دەکەن. ئەم یاری پێکردنە ئەمڕۆ لە کوردستان کاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر بیرکردنەوەو رەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ. بێ بڕوا بوون بە خۆو بە سەردەمەکە و ئایندە، ئەمەش بۆتە هۆی خۆ بە میوان زانینی بەشێ لە مرۆڤی کورد لەو شوێنەی لێی دەژی. بۆیە جارانی ئاسا هەوڵ دەدات نانی چەند ژەمێ لە نێو تورەگەکەیدا بێت و بیرکردنەوەی کۆچەریانەی لا دروست ببێت.

ئەم دیاردەیە قابلی چارەسەرەو پێویستیشە هەنگاوی جدی بۆ بنرێت. ئەو هەنگاوەی دەبوایا لە دوای راپەڕینی 1991 کەوە دەستی پێ بکردبایا. هەنگاوی یەکەم پێویست بە خۆدا چوونەوە، بە گژاچوونەوەی هێمنانە دەکات لە ڕێی دەزگایەیەکی زانستی هەمە لایەنەی تایبەت بەم کارە. دامەزراندنی ئەم دەزگایەش ئەرکێکی نەتەوایەتیە، پێویستە کەسانی ریفۆرمخواز و نوێخواز پاش ئەوەی خۆیان دەگۆڕن و دەیانەوێ ئەو واقعە بگۆڕن بەم ئەرکە هەڵسن.

ریفۆرمخواز و نوێخوازیش کەسی رەفتار باشە، هەڵس وکەوتی جوانە، دەم پاکی، دەست پاکی، داوێن پاکیە، رابردوو پاکە. مرۆڤێکە خۆی بەکەم نازانێ و بڕوای بە خۆیەتەی، چاو نەترس و راستگۆیە. هەموو ئەوانەی ئاخ هەڵدەکێشن ئێستا دەتوانن خاوەنداریێتی و ماڵداری باشی کۆمەڵ و دامودەزگا حیزبی و حکومیەکان بکەن. بەرچاویش روونەو ئایندەش باشتر دەبێت.

Siver575@hotmail. com